له بڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# گەوهەرێكی پوخت و جوان

سەبارەت بە :

# جوانی و چاكەكانی

# ئـایـنی ئیـسـلام

( الدُّرَّةُ المُختصرة في **مَحَاسنِ الدِّيـنِ الإسْلامِـي** )

**نووسینی زانای پایەدار**

عبد الرَّحمن بن ناصر بن السعدي

**وەرگێڕانی**

**محمد عبد الرحمن لطيف**

**وتارخوێنی مزگەوتی ( شێخ إبراهيم ) / كەلار**

**چاپی دووەم** ١٤٣٨ ك

---


ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## * پێشەکی دانەر :

الْحَمْدُ لِلَّهِ ، نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَتُوبُ إِلَيْهِ ، وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِنْ شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلَا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ ، صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَسْلِمًا كَثِيرًا .

**دوای ئەوە :**

**بەڕاستی ئاینی ئیسلام کە (مُحَمَّد ﷺ) هێناویەتی تەواوترین و باشترین و بەرزترین و گەورەترینی ئاینەکانە ، وە هەندە لە جوانیەکان و کاملێتی و چاکێتی و ڕەحمەت و عەدالەت و حیکمەت و دانایەتی لەخۆگرتووە کە شایەتی کاملێتی ڕەها و فراوانی زانست و حیکمەت بۆ خوای گەورە بدات ، وە شایەتی ئەوەیش بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بدات کە نێردراو و پێغەمبەری خوایە بە حەق و ڕاستی ، وە ڕاستگۆ و بەڕاستخراوەیە ، ئەو کەسەی کە بە هەواو ئارەزوو قسە ناکات بەڵکو ئەوەی کە دەیڵێت وەحیە و بۆی دێت :** ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ﴿٣﴾ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ﴿٤﴾ ﴾ [النجم] .

ئەم ئاینی ئیسلامە گەورەترین بەڵگە و گەورەترین شایەتە بۆ سەلماندنی تەنهایی و کاملێتی ڕەها هەر هەمووی بۆ خوا ، وە بۆ پێغەمبەرەکەشی (ﷺ) بە پێغەمبەرایەتی و ڕاستگۆیی .

وە مەبەستی من لە ئەم لەسەرنووسینەم سەبارەت بە ئەم بابەتە بریتی‌یە لە دەربڕینی ئەوەی کە زانستی من پێیگەیشتووە لە ڕوونکردنەوەی بنەماکانی جوانی و چاکەکانی ئەم ئاینە گەورەیە ، وە من هەرچەندە زانست و شارەزاییم کورت دەهێنێت ئەوپەڕی کورتهێنان سەبارەت بە دەربڕینی هەندێك لەوەی کە ئەم ئاینە لەخۆی گرتووە لە گەورەیی و جوانی و کاملێتی ، وە دەستەواژە و دەربڕینەکانم لاوازدەبن سەبارەت بە شیکردنەوەی ئەوە بە شێوەی گشتی چ جای قسەلەسەرکردن بە ووردی ، بەڵام ئەوەی کە بە هەمووی ڕاناگەیت و ناگەیتە ئەو پەڕی و زۆربەی .. ئەوا ناشبێت وازبێنیت لەوەی کە مرۆڤـ دەیزانێت لەبەر دەستەوەستان بوونی لە ئاست ئەوەی کە نایزانێت ، چونکە خوا ئەرك ناخاتەسەر هیچ کەسێك ئیللا بە پێی توانای نەبێت : ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ ١٦ ﴾ [التغابن] .

واتە : لەخوابترسن و خۆتان بپارێزن لە جێبەجێنەکردنی فەرمانەکانی ئەوەندەی کە لە تواناتاندا هەیە .

ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە شارەزایی سەبارەت بە ئەم زانستە چەندین سوودی تێدایە :

* لەوانە : سەرقاڵبوون بە ئەم بابەتەوە کە لە بەڕێزترین و گەورەترینی بابەتەکانە ئەمە لە باشترینی کردەوە چاکەکانە ، چونکە شارەزابوون تێیدا و توێژینەوە لەبارەیەوە و بیرلێکردنەوەی و گرتنەبەری هەموو ڕێگایەك کە بتگەیەنێتە شارەزابوون تێیدا باشترین شتێکە کە عەبد خۆیی پێوە سەرقاڵبکات ، وە ئەو کاتانەی کە لەمەدا خەرجی دەکەیت ئەوە ئەو کاتەیە کە لە قازانجی تۆدایە و لە زەرەری تۆدا نی‌یە .

* وە لەوانە : ناسینەوەی نیعمەتەکان و باسکردن و دەربڕینیان خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) فەرمانیان پێکردووە ، وە ئەمە لە گەورەترینی کردەوە چاکەکانە ، وە بێگومان توێژینەوە لە ئەم بابەتەدا دانپێدانان و باسکردن و دەربڕین و بیرکردنەوەیە لە گەورەترین نیعمەتەکانی خوای بەدوور لە هەموو کەموکوڕیەکان بەسەر عەبدەکانیەوە کە ئەویش ئاینی ئیسلامە ئەو ئاینەی کە خوا لە هیچ کەسێك هیچ ئاینێکی تر قەبوڵ ناکات جگە لە ئەم ئاینە نەبێت ، ئەم دەربڕین و باسکردنی نیعمەتەش دەبێتە شوکرانەبژێری بۆ خوا و داواکردنی زیادبوونی ئەو نیعمەتەشە لە خوا .

* وە لەوانە : خەڵکی جیاوازن و لە یەك ئاستدا نین لە بواری ئیمان و باوەڕهێنان و کامڵێتی ئیماندا جیاوازیەکی گەورە ، وە عەبد هەرچەندە زیاتر شارەزابێت لە ئەم دینە و زیاتر گەورەی ڕابگرێت و دڵی پێی خۆش بێت و شادمان و خۆشحاڵ بێت پێی ئەوا ئیمانی کامڵترە و دڵنیابوونی ڕاستترە ، چونکە ئەوە بەڵگەیە لەسەر تێکڕای بنچینە و بنەماکانی ئیمان .

* وە لەوانە : بەڕاستی لە گەورەترین ڕێگاکانی بانگەوازکردن بۆ ئاینی ئیسلام بریتی‌یە لە شەرح و شیکردنەوەی ئەو جوانی و چاکانەی کە لە خۆیی گرتووە ئەوەی کە هەموو کەسێکی خاوەن عەقڵ و فیترەت و ناخ سەلامەت وەریدەگرێت و پەسەندی دەکات .

ئەگەر پیاوانێك خۆیان ببەنە پێش و هەستن بە بانگەوازکردن بۆ ئەم ئاینە بەوەی کە هەستن بە شەرح و شیکردنەوەی ڕاستیەکانی و بەرژەوەندیەکانی بۆ خەڵك روون بکەنەوە ئەوا بەڕاستی ئەوە بە تەواوی بەس بوو بۆ ڕاکێشانی خەڵك بۆ لای ، لەبەر ئەوەی کە دەیبینن لە سازان و گونجانی لەگەڵ بەرژەوەندیە دینی و دونیاییەکانیش ، وە لەبەر چاکێتی ئەم ئاینە لە ڕواڵەت و لە ناخەوەیش بە بێ ئەوەی پێویست بکات بە

دەستوەردانە نێو بەرپەرچدانەوەی شوبهە و گومانەكانی كەسانی نەیار و بەرهەڵستكار و تانەدانیش لە ئاینەكانی كەسانی پێچەوانەكار .

چونكە ئەم ئاینە خۆی لە خۆیدا بەرپەرچی هەموو شوبهە و گومانێك دەداتەوە كە بێتە پێشی ، لەبەر ئەوەی كە ئاینێكی حەقە و هاوشانە بە روونكرنەوەیەكی ئاشكرا و چەندین بەڵگەی گەیەنەر بە دڵنیایی .

جا ئەگەر هەندێك لە ڕاستیەكانی ئەم ئاینە دەربخرێت و ئاشكرا بكرێت ئەوە دەبێتە گەورەترین بانگەواز بۆ قەبوڵ كردن و پێشخستنی بەسەر جگە لە ئەم ئاینە .

وە بزانە كەوا جوانی و چاكەكانی ئاینی ئیسلام شتێكی گشتیە لە هەموو باسەكانی و بەڵگەكانیشیدا ، هەروەها لە بنچینە و لقەكانیشیدا ، وە لەوەیش كە بەڵگەیە لەسەری و ڕێنمایی بۆ كردووە لە زانستەكانی شەرع و ئەحكام و بڕیارەكان ، هەروەها لەوەیش كە بەڵگەیە لەسەری و ڕێنمایی بۆ كردووە لە زانستەكانی گەردوون و كۆمەڵناسیشدا .

وە لێرەدا مەبەست ئەوە نیە كە هەموو ئەوانە بخەینەڕوو و بەدوای هەموویاندا بچین ، چونكە ئەوە پەرەپێدانێكی زۆر دەخوازێت ، بەڵكو مەبەست ئەوەیە باسی هەندێك نموونەی بەسوود بكرێت كە بكرێنە بەڵگە

بەسەر جگە لەوانەیشدا ، وە دەرگاکەیان پێبکرێتەوە بۆ کەسانێك کە دەیانەوێت بچنە ژوورەوە ، ئەویش چەند نموونەیەکی بەربڵاوە لە نێو بنچینە و لقەکانی ئاین و هەروەها لە نێو پەرستش و مامەڵەکانیشدا .

بە یارمەتی خوا لە کاتێکدا کە ئومێدمان ئەوەیە هیدایەتمان بدات و فێرمان بکات ، وە لە دەرگای خەزێنەکانی سەخاوەتی و بەخشندەیی خۆیمان بۆ بکاتەوە ئەوەندەی کە باروگوزەرانمانی پێ باش ببێت و وتەکان و کردارەکانمانیشی پێ ڕاست ببێت دەڵێین :

## نموونەی یەكەم

ئاینی ئیسلام بنیاتنراوە لەسەر ئەو بنچینە و بنەمایانەی ئیمان كە لەم فەرمایشتەی خوای گەورەدا باسكراون : ﴿ قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ١٣٦ ﴾ [البقرة] .

واتە : بلێ باوەڕمان بە خوا هێناوە و بە ئەو كتێبەیش كەوا دابەزێنراوە بۆمان و باوەڕمان بە هەموو ئەو كتێبانەش هێناوە كە دابەزێنراوە بۆ (إِبْرَاهِيم) و (إِسْمَاعِيل) و (إِسْحَاق) و (يَعْقُوب) و (الْأَسْبَاط / كوڕەكانی یعقوب جگە لە یوسف) و ئەوەیش كە دراوە بە (مُوسَىٰ) و (عِيسَىٰ) و ئەوەیش كە دراوە بە پێغەمبەرانی تر لە پەروەردگاریانەوە ، جیاوازی ناكەین لە نێوان هیچ یەكێك لە ئەو پێغەمبەرانە و ئێمە ملكەچین بۆ خوا .

* ئەم بنچینە و بنەما گەورانە كە خوا فەرمانی پێكردووین بە عەبدەكانی بریتین لە ئەو بنچینە و بنەمایانەی كە هەموو هەواڵپێدراوان و نێردراوەكانی (الأنبياء والمرسلون) یەكدەنگ و كۆڕان لەسەریان ، وە ئەو

بنچینە و بنەمایانە گەورەترینی زانیاری و بیروباوەڕەکان لە خۆیان دەگرن لە باوەڕهێنان بە هەموو ئەوەی کە خوا وەسفی خۆیی پێکردووە لەسەر زمانی پێغەمبەرانی و هەروەها بەگڕخستنی هەوڵ و تواناکانیش لەپێناو گرتنەبەری ڕێگای ڕەزامەندی خوایش لە خۆیان دەگرن .

* دین و ئاینێك كە بنچینە و بنەماکەی بریتی بێت لە باوەڕهێنان بە خوا و بەرهەمەکەشی بریتی بێت لە هەوڵدان لەپێناو ئەوەی کە ئەو پێیخۆشە و پێی ڕازییە و نییەت و نیازپاکی لەوەیشدا بۆ خوا ، ئایا تەصەوری ئەوە دەکرێت کە دین و ئاینێکی تر هەبێت باشتر و گەورەتر و چاکتر بێت لە ئەم دین و ئاینە ؟

* هەروەها دین و ئاینێك كە فەرمان بکات بە باوەڕهێنان بە هەموو ئەوەی کە دراوە بە پێغەمبەران و بەڕاستخستنەوەی پەیامەکانیان و دانپێدانان بە ئەو حەقەی کە پێی هاتوون لە لایەن پەروەردگاریانەوە ، وە جیاوازی نەکردن لە نێوانیان و باوەڕبوون بەوەی کە هەموویان نێردراوی ڕاستگۆ و متمانەپێکراوی دڵسۆز و نیازپاکی خوای گەورەن ، ئەم دین و ئاینە مەحاڵە هیچ ڕەخنە و تانەیەکی ئاراستە بکرێت .

چونكە فەرمان دەكات بە هەموو حەقێك ، وە داندەنێت بە هەموو ڕاستیەك ، وە هەموو ئەو حەقیقەت و ڕاستییە ئاینیانەی كە پشتدەبەستن بە وەحیی خوا بۆ پێغەمبەرانی و لەگەڵ حەقیقەت و ڕاستییە عەقڵی و سروشتییە بەسوودەكاندا پێكدێنەوە بەرقەرار دەكات ، وە بە هیچ شێوەیەك لە شێوەكان هیچ حەقێك ڕەتناكاتەوە و هیچ درۆیەك بەڕاستناخاتەوە و شتی ناحەق و باتڵیشی بەسەردا ناڕوات ، ئەم دین و ئاینە زاڵ و سەركەوتووە بەسەر تێكڕای ئاینەكاندا .

فەرمان دەكات بە كردەوە باش و چاكەكان و بە ڕەوشتە بەرز و پیرۆزەكان و بە بەرژەوەندی عەبدەكان ، وە هانی خەڵك دەدات بۆ عەدالەت و دادوەری و چاكە و ڕەحم و بەزەیی و خێر و خۆشی ، وە سەرزەنشتی خەڵكیش دەكات و ڕێگری دەكات لە زوڵم و ستەم و دەستدرێژی كردن و ڕەوشتە خراپەكان .

هیچ كردار و ئاكارێكی كامڵ نییە كە هەواڵپێدراوان و نێردراوەكانی خوا بەرقەراریان كردبێت ئیللا ئەم ئاینەش بەرقەرار و جێگیری كردووە ، وە هیچ بەرژەوەندیەكی دینی و دونیایی نییە كە شەریعەتەكانی تر بانگەشەیان بۆ كردبێت ئیللا ئەم ئاینەش هانی خەڵكی بۆداوە ، وە هیچ گەندەڵكاری و

خراپەیەکیش نییە ئیللا ئەم ئاینە ڕێگری لێکردووە و فەرمانی کردووە بە خۆبەدوورگرتن لێی .

* مەبەست ئەوەیە کە بەڕاستی عەقیدە و بیروباوەڕەکانی ئەم ئاینەیە کە دڵەکانی پێ پاك دەبێتەوە و گەشە دەکات و ڕۆح و ناخەکانی پێ چاك دەبێت و ڕەوشتە پیرۆزەکان و کردەوە باشەکانی پێ جێگیر دەبێت و ڕەگ و ڕیشاڵ دەکوتێت .

❁ ❁ ❁

## نموونەی دووەم

کارە شەرعی‌یە گەورەکانی ئیسلام لە پاش ئیمان بریتین لە : نوێـژکردن و زەکاتدان و ڕۆژووگرتنی ڕەمەزان و حەجکردنی ماڵی حورمەتدار .

تێڕامێنـیٚ لـە ئـەم کـارە شـەرعـی‌یـە گەورانـە و سـوودە گـەورەکانیان و ئەوەیش کە دەیخوازن لە هەوڵدان لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خـوا و بردنەوەی پاداشتی ئێستا و داهاتووی .

وە تێڕامان بکە لەوەی کە لە نوێژدا هەیە لە ئیخلاص و نیازپاکی بۆ خوا و رووکردنی تەواو لە خوا و ستایشکردن و دوعا و پاڕانەوە و ملکەچی نواندن بۆی ، وە پێگەی نوێژ لە ئاست درەختی ئیمان وەکو پێگەی چاودێری کـردن و ئاودانی باخ و بۆیسان وایە ، خۆ ئەگەر نوێژ لە ڕۆژ و شەوێکدا چەند جارێك دووبارە نەبوایەتەوە ئەوا درەختی ئیمـان وشـکدەبوویەوە ، بـەڵام ئیمـان بـە هۆی پەرستشی نوێژەوە گەشە دەکات و نویٚ دەبێتەوە .

وە بڕوانـە بۆ ئەو سەرقاڵبوونە بە زیکری خواوە ـ کە لە

هەموو شتێك گەورەترە ـ کـە نوێـژ لـە خـۆیی گرتـووە و ڕێگـری دەکـات لـە خراپەکاری و تاوان .

* وە بڕوانە بۆ حیکمەت و مەبەستەکانی زەکات و ئەوەی کە تێیدایە لە خووگرتن بە ڕەوشتەکانی کەسانی بەخشندە لە سەخاوەتی و بەخشندەیی و دووربوون لە ڕەوشتەکانی کەسانی بێخێر و سفلە ، وە لە سوپاسگوزاری و شوکرانەبژێری بۆ خوا لەسەر ئەو نازونیعمەتانەی کە بەخشیویەتی ، وە لە پاراستنی مال و سەروەت و سامان لە تێکدەرە هەستپێکراو و ناهەستپێکراوەکان ، وە لە ئەوەیش کە تێیدایە لە چاکەکردن لەگەڵ خەڵك و لاکردنەوە لە کەسانی پێویست و موحتاج و نەدار و پڕکردنەوەی ئەو بەرژەوەندیانەی کە خەڵك پێویستە بۆیان .

چونکە زەکات دەرکردنی پێویستی کەسانی ناچار و پێویست و موحتاجی تێدایە ، وە یارمەتیدانی تێدایە لەسەر جیهاد و تێکۆشان و ئەو بەرژەوەندیە گشتیانەی کە موسڵمانان ناتوانن بێپێویست بن بۆیان ، وە لادان و دەرکردنی هێرشی هەژاری و هەژارانی تێدایە ، وە متمانەبوونیشی تێدایە بەوەی کە خوا جێی ئەو ماڵ بەخشینەت بۆ پڕدەکاتەوە لەگەڵ ئومێدبوون بە پاداشتی و بەڕاستخستنەوەی بەڵێنەکانی .

* وە ڕۆژووگرتنیش ڕاهێنانی ناخ و دەروونی تێدایە لەسەر وازهێنان لە ئەو شتانەی کە خۆشیدەوێن و ڕاهاتووە لەگەڵیاندا لەبەر خۆشەویستی خوا و

نزیکبوونەوە لێی ، وە ڕاهێنانی ناخ و دەروونیشی تێدایە لەسەر بەهێزی بڕیار و خۆڕاگری و ئارامگرتن .

وە بەهێزبوونی خواستی ئیخلاص و نیازپاکی تێدایە ، وە بەجێهێنان و بەدیهێنانی خۆشەویستی خوای تێدایە بە بەراود لەگەڵ خۆشەویستی ناخ و دەروون‌دا ، وە لەبەر ئەوەیشە کە ڕۆژووگرتن بۆ خوایە و لە نێوان تێکڕای کردەوەکان‌دا تایبەتی کردووە بە خۆیەوە .

* وە ئەوەیش کە لە حەجدا هەیە لە بەخشینی ماڵ و سامان و خۆڕاگرتن لەبەرامبەر مەینەتیەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی و ناڕەحەتیەکان بە مەبەستی دەستکەوتنی ڕەزامەندی خوا و ڕۆیشتنی تایبەت بۆ لای و خۆخۆشەویست کردن لای خوا لە ناوەوە و پانتایی ماڵەکەیدا ، وە ئەوەیش کە لە پەرستشە هەمەجۆرەکاندا بۆ خوا هەیە ئەوەی کە لە شوێنەکانی ئەنجامدانی کارەکانی حەجدا ئەنجامدەدەرێن کە بریتین لە چەندین خوان و سفرەی میوانداری کە خوا بۆ عەبدەکانی و میوانەکانی ماڵەکەی دایناون و ڕایخستوون .

وە ئەوەیش کە لە حەجدا هەیە لە گەورەڕاگرتن و ملکەچی تەواو بۆ خوا و یادکردنەوە و وەبیرهاتنەوەی حاڵی هەواڵپێدراو و پێغەمبەران و کەسانی

هەڵبژێردراو و نیازپاك و بۆخواصوڵحاو و بـەهێزبوونی ئیمـان بـە هۆیانـەوە و زیاتر وابەستەبوون بە خۆشویستنیانەوە .

وە ئەوەیش کە لـە حەجـدا هەیـە لـە یەکترناسـینی نێـوان موسـڵمانان و هەوڵدان بۆ یەکخستنی وتەکانیان و ڕێکەوتنیان لەسەر بەرژەوەندیە تایبەت و گشتیەکان کە هەژمار ناکرێن .

هـەموو ئەمانـە لـە گـەورەترین جـوانی و چـاکەکانی ئـاینی ئیسـلامن و گەورەترین سوودی بەدەست هاتوون بۆ ئیمانداران .

ئەمەیش لەسەر شێوەی تێبینی لەسەردان و بە پوختی .

## نموونەی سێیەم

ئەوەیە کە شەرع فەرمانی پێکردووە لە پێویستکردن و واجبێتی کۆبوون و یەکڕیزی و بەیەکترئاشنابوون و قەدەغەکردن و ڕێگرتن و وریاکردنەوەی لە پارچەپارچەبوون و جیاوازی و ناکۆکی .

وە هەرکەسێك کەمترین عەقڵی هەبێت سوود و قازانجی ئەمە و ئەوەیش کە دەبێتە دەرئەنجامی بەرژەوەندیە دینی و دونیاییەکان و ئەوەیش کە بە هۆی ئەمەوە وەلادەنرێت و دووردەخرێتەوە لە زیان و زەرەر و خەراپەکان دەزانێت .

هەروەها شاراوەیش نییە کە ئەمە بنچینە و بنەمای ئەو هێزە مەعنەویەیە وا بنیاتنراوە لەسەر حەق و لەسەری دەخوولێتەوە .

هەروەها زانراویشە ئەوەی کە موسڵمانان لە سەرەتای ئیسلامدا لەسەری بوون لە ڕاست و ڕێکی دین و چاکێتی باروگوزەران و ئەو بالادەستی و سەروەریەی کە هیچ کەسێك پێینەگەیشتبوو جگە لە ئەوان دەرئەنجامی پەیوەستبوون و دەستپێوەگرتنیان بوو بە ئەم بنچینە و بنەمایەوە کە بەڕاستی و تێروتەسەلی پێی هەستابوون و ئەو پەڕی دڵنیابوون لەوەی کە ئەمە ڕۆح و گیانی دین و ئاینەکەیانە .

ئەوەی کە زیاتر ئەمە ڕوونبکاتەوە و ئاشکرا بکات بریتییە لە :

## نموونەی چوارەم

بەڕاستی ئاینی ئیسلام ئاینی ڕەحم و بەزەیی و فەڕ و بەرەکەت و چاکە و هاندانە بۆ سوودگەیاندن بە ڕەگەزی مرۆڤ .

وە ئەوەی کە ئەم ئاینە لەسەریەتی لە ڕەحم و بەزەیی و جوان مامەڵەکردن و بانگەشەکردن بۆ چاکەکاری و قەدەغەکردن و ڕێگرتن لە هەموو ئەوانەی کە دژ و پێچەوانەی ئەوەن .. ئا ئەمەیە ئەم ئاینەی کردووەتە رووناکی و رۆشنایی لە نێوان تاریکاییەکانی زوڵم و ستەم و دەستدرێژیکردن و خراپ مامەڵەکردن و ئەنجامدانی حەرامەکان و شکاندنی سنووری قەدەغەکراوەکان .

وە ئەمەیە دڵی ئەوانەی ڕاکێشاوە کە پێش شارەزابوونیان لێی لە سەرسەخترینی دوژمنەکانی بوون تاوەکو هاتوونەتە ژێر سێبەرە فراوان و بەردەوامەکەی و ئاسوودە و بەختەوەربوونەتەوە لە سایەیدا .

وە ئەم ئاینەیە سۆز و میهرەبانی کردووەتەسەر هەڵگران و پەیڕەوکارانی تا ئەو ئاستەی کە بەزەیی پێداهاتنەوە و لێبووردن و چاکەکاری لە دڵیانەوە هەڵبقوڵێت و بڕژێتە سەر وتە و کردارەکانیان و لە خۆشیانەوە تێپەڕببێت بۆ سەر دوژمنەکانی تا ئەوەی کە هەندێك لە

دوژمنەکانی ببن بە بەشێك لە گەورترین دۆستەکانی : جا هەیانە هاتوونەتە ناو ئەم دینەوە بە هۆی باشی بەرچاورۆشنی و بەهێزی ویژدانیانەوە ، وە هەشیانە ملکەچی بوون و ئارەزوومەندی بڕیار و ئەحکامەکانی بوون و بە باشتریان داناوە و پێشیانخستووە بەسەر بڕیار و ئەحکامەکانی هەڵگران و پەیڕەوکارانی ئاینەکەی خۆیان لەبەر ئەو عەدالەت و دادوەری و ڕەحم و بەزەییەی کە لە ئاینی ئیسلامدا هەیە .

## نموونەی پێنجەم

ئاینی ئیسلام ئاینی دانایی و حیکمەتە ، وە ئاینی ناخ و سروشت پاکی مرۆڤە ، وە ئاینی عەقڵ و ژیری و چاکێتی و سەرفرازیە .

ئەوەیش کە ئەم بنچینە و بنەمایە روون بکاتەوە بریتی‌یە لە :

ئەو بڕیار و ئەحکامە بنەمایی و فەرعیانەی (الأحكام الأصوليَّة والفروعيَّة) کە ئەم ئاینە لە خۆیی گرتوون ، ئەوەی کە سروشتی مرۆڤەکان و عەقڵەکانیش پەسەند و قەبوڵی دەکەن و پابەندیش دەبن پێیانەوە بە هۆی پاڵنەری حەق و ڕاستیەوە ، وە ئەوەیش کە ئەم ئاینە لەسەریەتی لە بڕیار و ئەحکامەکانی و جوانی ڕێکخستنەکانی و شیاویەتی گونجاویەتی ئەم بڕیار و ئەحکام و ڕێکخستنانەیش بۆ هەموو سەردەم و شوێنەکان .

هەواڵەکانی هەموو حەق و ڕاستن ، هیچ زانستێکی پێشتر و دواتریش نەهاتووە و مەحاڵیشە بێت بەوەی کە هەڵیانوەشێنێتەوە یان بەدرۆیان بخاتەوە ، بەڵکو زانستە حەق و ڕاستەکان هەر هەموویان پاڵپشتی دەکەن و جەختی لەسەر دەکەنەوە ، وە ئەمەیش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستێتی ئەم ئاینە .

وە لێكۆڵـەرەوە بـە ویژدانـەكان ئـەوەیان یەكلاكردووەتـەوە كـە هـەموو زانستە بەسوودە ئاینی و دونیایی و سیاسیەكان قورئان ڕێنمایی بـۆ كـردوون و بەڵگەیە لەسەریان شێوازە بەڵگەیەك كە گومانی تێدا نەبێت .

لە شەریعەتی ئیسلامدا شتێك نییە كە بە لای عەقڵەكانەوە مـەحاڵ بێـت ، بەڵكو شتانێكی تێدایە كە عەقڵە پاك و ڕۆشـنـەكان شـایەتی دەدەن لەسـەر ڕاستێتی و سوودمەندێتی و چاكێتیان .

وە بەهەمان شێوە فەرمانـەكان و قەدەغەكردنەكانیشـی هـەر هـەموویان عەدل و دادوەرانەن و هیچ زوڵم و ستەمێكیان تێدا نییـە ، فـەرمانی بـە هـیچ شـتێك نـەكردووە ئـیللا ئـەوە نـەبێت كـە خێـر و سـوودەكەی یـەكجار پـاك و پوختە یان لارەسەنگە ، وە ڕێگریشی نەكردووە ئیللا لە شەڕ و خراپەی پـاك و پوخـت نـەبێت یان لـە شـتێك كـە خراپـە و زیانەكـەی زیـاترە لـە سـوود و بەرژەوەندیەكەی .

وە كەسی زۆر ژیر هەرچەندە تێڕامان بكات لە ئەحكام و بڕیارەكانی ئەم ئاینە ئەوا باوەڕی بە ئەم بنەمایـە زیـاد دەكـات ، وە دەزانێـت كـە لـە لایـەن كەسێكی دانا و ستایشكراوەوە دابەزێنراوە .

❁ ❁ ❁

## نموونەی شەشەم

ئەوەیە کە ئەم ئاینە پێی هاتووە لە جیهاد و تێکۆشان و فەرمانکردن بە هەموو چاکەیەك و قەدەغەکردنی هەموو خراپەیەك .

* بەڕاستی ئەو جیهاد و تێکۆشانەی کە ئاینی ئیسلام پێی هاتووە مەبەست پێی بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژی دەستدرێژکەرانە بۆ سەر مافەکانی ئەم ئاینە و بۆ سەر رەتکردنەوەی بانگەوازەکەی .

وە ئەمەیش باشترین جۆرەکانی جیهاد و تێکۆشانە و مەبەست تێیدا بریتی نییە لە چاوبڕینە ماڵی خەڵك و تەماحبازی و دەستەبەرکردنی مەرامەکانی ناخی مرۆڤ .

وە هەرکەسێك سەیری بەڵگەکانی ئەم بنەمایە و ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ) و صەحابەکانی لەگەڵ دووژمنەکانیان بکات ئەوا بێگومان دەزانێت کە جیهاد و تێکۆشان دەچێتە ناو شتە پێویستەکان و بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژی دەستدرێژکەرانەوە .

* وە بەهەمان شێوە فەرمانکردن بە چاکە و قەدەغەکردنی خراپەیش ، لەبەر ئەوەی کە : ئەم ئاینە رێك وپێك و دامەزراو نابێت ئیللا بە رێك وپێکی و دامەزراوی هەڵگران و پەیڕەوکارەکانی نەبێت لەسەر بنەماکانی و ئەحکامە شەرعیەکانی و بەجێهێنانی فەرمانەکانی ـ کە گەیشتوونەتە ئەو پەڕی لە

چاکێتیدا ـ و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانیشی کە شەڕ و خراپـەن ، وە هـەڵگران و پـەیڕەوکارەکانی ئـەم ئاینـەیش بڕیاریانـداوە کـە پەیوەسـت و پابەنـدبن بـە ئـەم شـتانەوە ، وە بـۆ ئـەوەیش کـە نـاخ و دەروونـە زاڵـم و ستەمکارەکان بوێری بۆ کردنی هەندێك لە حەرامەکان و کەمتەرخـەمی کـردن لـە بـەجێهێنانی ئـەوەی کـە لـە توانـادا هەیـە لـە فـەرزەکان نەڕازێننـەوە بـۆ هەندێکیان ، هەموو ئەوانەش بەدی نایەن ئیللا بە فەرمان پـێکردن و ڕێگـری لـێکردەن نـەبێت بـە پـێی ئـەوە : لەبـەر ئەوانـە فـەرمانکردن بـە چـاکە و قەدەغەکردنی خراپە لە گەورەترین جوانی و چاکەکانی ئەم ئاینەیـە ، وە لـە گـەورەترین پێویسـتیەکانە بـۆ ڕاگـرتنی ، هـەروەها لەمەیشـدا ڕێـك و ڕاسـت کردنەوە و خاوێنکردنەوەی هەڵگران و پەیڕەوکارەکانی ئەم ئاینەشـی تێدایـە و بەرپەرچدانەوەشـیانی تێدایـە لـە کـارە خـراپ و ڕیسـواکان و هانـدان و هەڵنانیشیانی تێدایە بۆ کارە چاك و بەرزەکان .

بەڵام دەرگا واڵاکردنی ئازادی بۆیان ـ لە کاتێکدا کە ئـەوان بڕیاریانـداوە کـە پەیوەسـت و پابەنـدبن بـە ئـەم ئاینـەوە و هاتووەنـەوە ژێـر حـوکم و بڕیارەکانیەوە و پابەندن بە ئەحکامە شەرعیەکانیەوە ـ ئەمە گەورەترین زوڵم و ستەم و زەرەر و زیانە بۆ سەر خۆیان و بۆ سەر کۆمـەڵگایش ، بـە تایبـەت

ئەو حەق و مافە پێویستانەش کە خواستراون بە پێی شەرع و عەقڵ و عورف و نەریتیش .

❖ ❖ ❖

## نموونەی حەوتەم

ئەوەی کە شەریعەتی ئیسلام پێی هاتووە لە حەڵاڵ کردنی کڕین و فرۆشتن و بەکرێدان و هاوبەشیکردن و ئەو جۆرەها مامەڵانەی کە خەڵکی لە میانەیانەوە ئاڵوگۆڕی خوودی شتەکان و قەرزەکان و سوودەکان و جگە لەمانەش دەکەن .

شەریعەتی کاملی ئیسلام بە حەڵاڵ کردنی ئەم جۆرە هاتووە و بەرەهایی هێشتویەتیەوە بۆ عەبدەکان ، چونکە بەرژەوەندیەکانی لەخۆگرتووە لە شتە بۆناچاربووەکان (الضَّروريَّات) و شتە پێویستەکان (الحاجِيَّات) و شتە تەواوکەرەکان (الكَمالِيَّات) ، وە دەرفەتێکی فراوانی بۆ عەبدەکان ڕەخساندووە کە بە هۆیەوە کاروبار و گوزەرانیان باش ببێت و ژیانیان ڕێك و پێك و بەردەوام بێت .

وە شەریعەتی ئیسلام بۆ حەڵاڵ کردنی ئەم شتانە ڕەزامەندی هەردوولای بەمەرجداناوە ، لەگەڵ بەمەرجدانی زانیاری بە گرێبەستەکان و شارەزایی بە ئەو شتەی کە گرێبەستەکەی لەسەر دەکرێت و زانینی ئەوەی کە دەبێتە دەرئەنجامی لە مەرجەکان .

وە ڕێگریشی کردووە لە هەموو ئەو شتانەی کە زەرەر و زیان و زوڵم و ستەمیان تێدایە لە بەشەکانی قومار و ریبا و نەزانی .

هەرکەسێك تێڕامان بکات لە مامەڵە شەرعیەکان ئەوا پەیوەستبوونیان بە چاکێتی دین و دونیاوە دەبینێت ، وە شایەتی بۆ خوایش دەدات بە فراوانێتی رەحم و بەزەیی و تەواوێتی حیکمەت و دانایی ، چونکە خوای پاك و بەدوور لە هەموو کەموکوڕیەك هەموو شتە پاکەکانی حەڵاڵ کردووە بۆ عەبدەکانی لە کاروکاسبیەکان و خواردنەکان و خواردنەوەکان و ڕێگاکانی سوودە ڕێکخراو و ڕێك و پێك دانراوەکان .

❁ ❁ ❁

## نموونەی هەشتەم

ئەوەی کە شەریعەتی ئیسلام پێی هاتووە لە حەڵاڵ کردنی ئەوەی کە پاکە لە خواردنەکان و خواردنەوەکان و پۆشاکەکان و زەواج کردنەکان و جگە لەمانەش .

* هەرچی شتی پاك و بەسوود هەیە ئەوا خوای دانەری شەرع حەڵاڵی کردووە لە جۆرەکانی دانەوێڵە و بەروبوومەکان و گۆشتی گیانلەبەرە دەریاییەکان بەرەهایی و هەروەها گۆشتی گیانلەبەرە وشکانیەکانیش ، وە ڕێگری لە هیچ شتێك لە ئەمانە نەکردووە ئیللا هەموو ئەو شتانە نەبێت کە پیسن و زەرەر و زیانیان هەیە بۆ دین یان بۆ عەقڵ یان بۆ لەش یان بۆ ماڵ و سامان .

وە ئەوەی کە حەڵاڵی کردووە ئەوا بەشێکە لە چاکەی خوای پاك و بەدوور لە هەموو کەموکوڕیەك و بەشێکیشە لە جوانی و چاکەکانی ئاینەکەی ، وە ئەوەشی کە ڕێگری لێکردووە ئەویش بەهەمان شێوە بەشێکە لە چاکەی خوای گەورە چونکە ڕێگری لێکردوون لە ئەوەی کە زەرەر و زیانی هەیە بۆیان و بەشێکیشە لە جوانی و چاکەکانی ئاینەکەی ، چونکە بەڕاستی

جوانی و چاکی بەدوای حیکمەت و بەرژەوەندی و لەبەرچاوگرتنی زەرەر و زیانەکانەوە دێت .

* وە بەهەمان شێوە ئەوەیش کە خوای گەورە حەڵاڵی کردووە لە زەواج کردن و ژنهێنان و شووکردن ، وە ئەوەی کە عەبد بۆی هەیە لەو ئافرەتانەی کە حەڵاڵن بۆی لێیان مارەبکات دوان و سیان و چوار ، چونکە لە ئەوەدا بەرژەوەندی هەردوولای تێدایە و وەلانانی زەرەر و زیانی هەردوولاشی تێدایە .

وە بۆ عەبدی حەڵاڵ نەکردووە کە نێوان زیاتر لە چوار ئافرەتی سەربەست کۆبکاتەوە چونکە ئەوە زوڵم و ستەمکردن و وازهێنان لە دادپەروەری لێدێتەکایەوە .

ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە لە کاتی مەترسی زوڵم و ستەمکردن و نەبوونی توانا بۆ جێبەجێکردنی سنوورەکانی خوا لە بابەتی ژن و مێردایەتیدا خوای گەورە هانی عەبدیداوە بۆ خۆکورتهەڵهێنان لەسەر تەنها یەك ئافرەت وەکو سووربوون لەسەر بەدەستهێنانی ئەو مەبەستە .

* وە هەروەکو چۆن ژنهێنان و شووکردن لە گەورەترین نازونیعمەتەکانە و لە شتە پێویستەکانە ئەوا حەڵاڵ کردنی تەڵاقیش بەهەمان شێوە یەکێکە لە

نیعمەتـەکان و لـە شـتە پێویسـتەکان لـە کاتێکـدا کـە مرۆڤـ مەترسـی ژیـان بەسەربردنی هـەبێت لەگـەڵ کەسـێکدا کـە لەگەڵیـدا ناگونجێـت و ناسـازێت و ناچاری بکات بۆ مانەوە لـە حـاڵ و گـوزەرانێکی تـاڵ و ناهـەموار و دۆخێکـی نارەحەت و تەنگاودا ، خـوای گـەورە فەرمووبـەتی : ﴿ وَإِن يَتَفَرَّقَا يُغْنِ ٱللَّهُ كُلًّا مِّن سَعَتِهِۦ ۚ ﴿١٣٠﴾ ﴾ [النساء] .

واتە : وە ئەگەر لەیەکتر جیاببنەوە ئەوا خـوا هەریـەکێکیان بێپێویسـت دەکات و دەوڵەمەندی دەکات لە فراوانی نیعمەتەکانی .

❁ ❁ ❁

## نموونەی نۆیەم

ئەوەی کە خـوا و پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) شـەرعیەتیان پێـداوە لـە نێـوان خەڵکدا هـەبن لـە حـەق و مافـەکان کـە هـەموو بـریتین لـە چـاکێتی و خێـر و چاکەکردن و دادوەری و وازهێنان لە زوڵم و ستەم .

ئەوەیش وەکو ئەو حەق و مافانەی کە پێویستی کـردوون و شـەرعیەتی پێـداون بـۆ هـەردوو بـاوك و دایـك و منـداڵان و خـزم و کەسـە نزیکـەکان و دراوسـێکان و هاوڕێکـان و ئەوانـەی کـە مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەکرێـت و بـۆ هەریەکێك لە ژن و مێردیش بەسەر یەکترەوە .

وە هەموو ئەم حەق و مافانە پێویستن و تـەواوکارن و نـاخ و سروشـت و عەقڵە پـاك و ڕۆشـنەکان بـە باشـیان دەزانـن ، وە بـە هۆیانـەوە تێکـەڵبوون بەیـەکتر بـە تـەواوی بەدیـدێت و بەرژەوەندیـەکان و سـوودەکان ئاڵوگۆڕیـان پێدەکرێت بە پێی حاڵی کەسی خاوەن حەق و پلە و پێگەکەی .

وە هەرچەند بیربکەیتەوە و تێڕامان بکەیت لە ئەم حەق و مافانەدا ئەوا هەبوونی خێر و چاکە و نەهێشتنی شەڕ و خراپەی تێدا دەبینیت ، وە هەندە سـوودی گشـتی و تایبـەتی و بەیـەکتر ئاشـنابوون و تـەواوی ژیـان پێکەوەبەسەربردنی تێدا دەبینیت کـە ئـەوەت پیشـان بـدات ئـەم شـەریعەتە

کـەفیلی بەدەسـتهێنان و مسـۆگەرکاری بەختـەوەری هـەردوو مـاڵی دونیـا و دواڕۆژە .

ئەوەی تێدا دەبینیت کە ئەم حەق و مافانە لەگـەڵ سـەردەم و شـوێن و بـارودۆخ و داب و نەریتەکانـدا دەڕوات و ڕانـاوەستـێـت ، وە دەیـانبینـیـت بـەرژەوەنـدیـەکـان بەدەسـتدەهێنن ، وە هەماهـەنگی و هاوکـاری تـەواوی لەسەر کاروبارەکانی دیـن و دونیـای تێـدا بەدیـدێت ، وە نـاو دڵ و دەروونـی کەسانی تر ڕادەکێشیت و ڕق و قین و ناکۆکی ناهێڵێتەوە .

وە ئەمانەی کە باسکران لە میانەی بەدواداچـوون و بەدواداگـەڕان بۆیـان لە نێو سەرچاوەکانیاندا دەزانرێت .

❁ ❁ ❁

## نموونەی دەیەم

ئەوەی کە شەریعەتی ئیسلام پیّی هاتووە لە گواستنەوەی ماڵ و ئەو سەروەت و سامانەی کە لە پاش مردن بەجیّدەمیّنیّت و چۆنیّتی دابەشکردنی ئەو ماڵ و سەروەت و سامانە بەسەر وەرەسە و میراتگرەکاندا .

وە خوای بەرز و پایەدار ئاماژەی کردووە بۆ حیکمەت و مەبەست لە ئەمە بەم فەرموویەتی کە فەرموویەتی : ﴿لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا ۚ ﴿١١﴾﴾ [النساء] .

واتە : کەسوکارەکانتان و خزمەکانتان ئێوە نازانن کامیان سوودیان نزیکترە بۆ ئێوە .

هەر بۆیە خوای گەورە بە خوودی خۆی دابەشی کردووە و دایناوە بە پیّی ئەوەی کە زانیویەتی لە نزیکیّتی سوود و ئەوەی کە عەبد ـ وەك نەریت ـ پیّیخۆشە ماڵ و سەروەتەکەیی پیّبگات ، وە کیّ شایستەتر و لەپیّشترە بە خیّر و چاکەی ئەو مردووە ، ئەمەیشی وا ڕیّکخستووە کە عەقڵە تەندروستەکان شایەتی لەسەر باشیەتی بدەن ، وە ئەگەر ئەم بوارەی ڕاسپاردەی ڕاوبۆچوون و هەواوئارەزوو و ویستەکانی خەڵك بکردایەت ئەوا بە

هۆی ئەوەوە كەموكوڕی و ناڕێكی و نەمانی ڕێكخستن و خراپی هەڵبژاردن ڕوویاندەدا كە وەكو بێسەروبەری و هەركێبۆخۆیی لێدەهات .

وە دانەری شەرع ئەو مافەی داوە بە عەبد كە وەسێت بكات بە بەخشینی شتێك لە پارە و ماڵەكەی لە ڕێگاكانی چاكە و لەخواترساندا لەوەی كە سوودی پێبگەیەنێت بۆ دواڕۆژی ، وە ئەوەیشی بەندكردووە بە یەك لەسەر سێی پارە و ماڵەكەیەوە و كەمتریش لەوە بۆ جگە لە كەسانی وارس و میراتگر ، بۆ ئەوەی ئەو ماڵ و سەروەتانەی كە خوا كردوویەتی بە مایەی ڕاگرتنی ژیانی خەڵك نەبێتە گاڵتەجاڕی و كەسانی كەم عەقڵ و كەم دین یاری پێبكەن لە كاتی گواستنەوەیان لە ژیانی دونیاوە بەرەو دوای مردن ، بەڵام حاڵیان لە كاتی لەشساغیان و كاملی عەقڵ و بیروهۆشیان ئەوا ئەوەی كە لێی دەترسن لە فەقیری و هەژاری و مایەپووچی و ئیفلاس بوون دەبێتە ڕێگر و بەربەست لێیان لەوەی كە خەرج و سەرفی بكەن لەو بوارانەدا كە زۆربەی جار زەرەر و زیانیان پێدەگەیەنێت .

❁ ❁ ❁

# نموونەی یازدەیەم

ئـەوەی کـە شـەریعەتی ئیسـلام پـێی هـاتووە لـە سـزادیاریکراوەکان و هەمـەجۆریان بـە پـێی تاوانـەکان کـە دەبنـە هـۆی سـنووردانان لەبـەردەم تێوەگلان بە تاوانەکان .

ئەمـەیش لەبـەر ئەوەیـە کـە تاوانـەکان و دەسـتدرێژی کردنـە سـەر مافەکانی خـوا و مافـەکانی عەبـدەکانی گـەورەترین زوڵمـە کـە دەبێتـە هـۆی تێکدانی ڕێکخەری ژیان و بەوەیش دیـن و دونیـا کـەموکوڕیان تێدەکـەوێت و تێکدەچن ، هەر بۆیە دانـەری شـەرع چـەندین سـزای دیـاریکراوی دانـاوە بـۆ تاوانەکان و چاونەترسیەکان بۆ ئەوەی ببنە ڕاچـەڵەکێنەر و دوورخـەرەوە لـە تێوەگلان پێیانەوە ، هەروەها بۆ سووك کردنـەوەی کاریگـەریان لەسـەر ئـەو کەسانەی کە ئەو تاوانانەیان دەرهەق ئەنجامـدراوە ، ئـەوەیش لـە کوشـتن و بڕین و جەڵدەلێدان و جۆرەکانی تەمێکردن بە سزادان .

وە هەر هەموویان هەندە سوود و بەرژەوەندی تایبەت و گشتیان تێدایـە کە بە هۆیانەوە کەسی ژیر و عاقڵ جوانی و چـاکێتی شـەریعەتی پێبزانێـت ، وە بەڕاسـتی شـەڕ و خراپـەکان ناتوانرێـت بـەرگریان لـێبکرێت و وەلابنـرێن وەلانانێکی کامڵ ئیللا بە سزادیاریکراوە شەرعیەکان نەبێت کە دانەری شەرع داینـاون بە پێی تاوانەکان لە کەمی و زۆریدا و لە توندی و لاوازیدا .

## نموونەی دوانزەیەم

ئەوەی كە شەریعەتی ئیسلام پێی هاتووە لە فەرمان كردن بە ڕاگرتنی مرۆڤـ لە هەڵسوكەوت كردن بە ماڵ و سەروەت و سامانی ئەگەر هەڵسـوكەوت كردنی زەرەر و زیانی هەبوو بۆ خۆی یان بۆ جگە لە خۆی .

ئەوەیش وەك ڕێگرتن لە شێت و منداڵ و نەزانكار و هاوشێوەی ئەمانە ، هەروەها ڕێگـرتن لـە كەسـێك كـە بووەتـە ژێـر قـەرزەوە لەبـەر بەرژەوەنـدی خاوەن قەرزەكانی .

هـەموو ئەمانـە بەشـێكن لـە جـوانی و چـاكەكانی شـەریعەتی ئیسـلام ، چونكە مرۆڤی قەدەغەكردووە و ڕێگری لـێكردووە لە هەڵسوكەوت كردن بـەو ماڵ و سەروەت و سامانەی كە لە ئەسڵ و بنەوا بە ڕەهایی هەڵسوكەوتی تێدا كردووە ، بەڵام كاتێك كە هەڵسوكەوت كردنی تێیدا زەرەر و زیانی زیاترە لـە سوودی وە شەڕ و خراپەی گەورەترە لە خێر و چـاكەی ئـەوا دانـەری شـەرع ڕایگرتـــووە و لـــە بـــواری بەرژەوەندیەكانـــدا ڕێگـــری هەڵســـوكەوت كردنـــی لـێكردووە ، وە ئەمەیش ڕێنماییە بۆ عەبدەكان بۆ ئەوەی كە هـەوڵ بـدەن و تێبكۆشن بۆ هەموو هەڵسوكەوتێكی بەسوودی بێ زەرەر و زیان .

❁ ❁ ❁

## نموونەی سیانزدەیەم

ئـەوەی كـە شـەریعەتی ئیسـلام پـێی هـاتووە لـە شـەرعیەتدان بـە ئـەو بەڵگەنامانـەی كـە بـە هۆیانـەوە خـاوەن حـەق و مافـەكان مافـەكانی خۆیـان ساغدەكەنەوە و دەیسەلمێنن كە هی ئەوانە .

ئــەوەیش وەكــو شــایەتیدان كــە بــە هۆیــەوە حــەق و مافــەكان وەردەگیرێنـەوە و دەبێتـە ڕێگـر لـە نكـۆڵی كـردن و بـە هۆیشـیەوە گومـان نامێنێت .

هەروەها وەكو بارمتە (الرَّهْن) و لەئەستۆگرتن (الضَّمان) و كەفالەت كردن كەوا ئەگەر وەرگرتنەوەی حەق و مافەكە لەو كەسەی كە لایەتی مـەحاڵ بـوو ئەوا كەسی خاوەن حەق و مافەكە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شـتەی كـە كـراوە بـە بەڵگەنامە و جێمتمانەی وەرگرتنەوەی حەق و مافەكان بۆ ئـەوەی مافەكـەی خۆیی لـێوەربگرێتەوە .

وە شاراوەیش نیـیە كـە ئەمـە چـەندین سـوودی هەمـەجۆر و پاراسـتنی حەق و مافەكان و فراوان كردنی مامەڵەكردنەكان و گێڕانەوەیان بـۆ عەدالـەت و دادوەری و چــاك كردنــی حــاڵ و بارودۆخــەكان و ڕاســتكردنەوەی مامەڵەكردنەكانی تێدایە .

وە ئەگەر ئەم بەڵگەنامانە نەبوایەن ئەوا بەشێكی زۆر لە مامەڵەكردنەكان پەكیان دەكەوت و ڕادەگیران ، چونكە بەڕاستی ئەم بەڵگەنامانە سوودیان هەیە بۆ ئەو كەسەی كە دەیەوێت متمانەی لەلا درووست ببێت بۆ وەرگرتنەوەی حەق و مافەكەی و سوودیشی هەیە بۆ ئەو كەسەی كە حەق و مافەكەی لەسەرە لە چەندین رووی زانراوەوە .

❁ ❁ ❁

## نموونەی چواردەیەم

ئەوەی كە خوای دانەری شەرع هانی بۆ داوە لە چاكەكردن لەگەڵ خەڵكدا كە ئەجر و پاداشتی لای خوا و چاكەی لای خەڵكیش دەستی خاوەنەكەی دەخات ، پاشان خوودی ماڵەكەیی یان جێگرەوەكەیی بۆ دەگەڕێتەوە ، كەواتە دەستخستنی ئەم جۆرە لە چاكەكردن لە گەورەترینی دەستكەوتەكانە بە بێ ئەوەی هیچ زەرەر و زیانێك بە خاوەنەكەشی بگات .

ئەوەیش وەكو قەرزپێدان و شتومەك و پێداویستی پێدان بە مەبەستی سوود لێوەرگرتن بۆ ماوەیەكی كاتی و پاشان گێڕانەوەی بۆ خاوەنەكەی و هاوشێوەی ئەمانە .

بەڕاستی ئەمە هەندە بەرژەوەندی و بەجێهێنان و دەركردنی پێویستی و لابردنی تەنگانە و بەدەستهێنانی خێر و چاكەكاری تێدایە كە هەژمار ناكرێن .

ئەمە لە كاتێكدا كە ماڵەكە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەكەی و ئەجر و پاداشتێكی گەورەش بەسوود وەردەگرێت لە خوای پەروەردگاریەوە ، وە تۆوی چاكەكاری و كارجوانی لای براكەی دەچێنێت ، لەگەڵ ئەوەی كە

بەدوای ئەوەدا دێت لە خێر و فەڕ و بەرەکەت و سنگفراوانی و بەدەستهێنانی ئاشنایەتی و دۆستایەتی نێوانیان .

بەڵام چاکەکاری رووت کە خاوەنەکەی بە بێبەرامبەر دەیبەخشێت و ناگەڕێتەوە بۆی ئەوا لە پێشەوە ئاماژەمان کرد بۆ حیکمەت و مەبەستەکەی لە باسی زەکات و صەدەقە و ماڵ بەخشیندا .

# نموونەی پانزەیەم

ئەو بنچینە و بنەمایانەی كە خوای دانەری شەرع كردوونی بە بنەماكانی یەكلاكردنەوەی ناكۆكیەكان و چارەسەری كێشە و گرفتەكان و لارەسەنگ كردنی یەكێك لە شكایەتكارەكان بەسەر ئەوی تردا .

ئەمانە چەندین بنچینە و بنەمای بنیاتنراون لەسەر عەدل و بەڵگە و ئەوەی كە بووەتە بنەما لە عورف و نەریتی خەڵكدا و گونجاویشە لەگەڵ فیترەت و ناخ و سروشتی مرۆڤەكاندا ، چونكە خوای گەورە بەڵگەهێنانەوەی خستوەتە سەر هەركەسێك كە داوای شتێك یان مافێك لە حەق و مافەكان بكات ، جا ئەگەر ئەو بەڵگەیەی هێنایەوە كە لایەنی ئەو لارەسەنگ و بەهێز بكات ئەوا ئەو حەق و مافەی بۆ سەلمێنراو و جێگیر دەبێت كە داوای كردووە ، وە هەر كاتێك هیچی نەهێنایەوە و هیچی پێنەبوو جگە لە تەنها دەعوا و داواكاری نەبێت ئەوا كەسی داوالێكراو و شكاتلێكراو سوێند دەخوات لەسەر ڕەتكردنەوەی دەعوا و داواكاریەكە و هیچ حەق و مافێك پێویست نابێت لەسەر كەسی داوالێكراو .

وە خوای دانەری شەرع بەڵگەکانی بە پێی پلەی شتەکان داناوە ، وە برابەڵگە روونکەرەوەکان و عورفە جێگیر و کارلەسەرکراوەکانی نێوان خەڵکیشی کردووەتە بەشێك لە بەڵگەکان .

بەڵگە : ناوە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە حەق و ماف روونبکاتەوە و بەڵگە بێت لەسەری .

وە لە کاتی ئاڵۆزی و ناڕوونی و یەکسانی هەردوو لایەنی ناکۆك و خاوەن کێشە و گرفتدا ڕێگای صولْحی دادوەرانەی گونجاو بۆ هەر کێشەیەکی کردووەتە ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیەکان .

جا هەر ڕێگایەك کە زوڵم و ستەمی تێدا نەبێت و عەبدەکان نەخاتە ناو تاوان و سەرپێچی خواوە و سوودیشی هەبێت بۆیان ئەوا خوای پەروەردگار هانی بۆ داوە ئەگەر ببێتە وەسیلە و ڕێگاچارەیەك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکیەکان و بڕینەوە و کۆتایی پێهێنانی کێشمانکێش و دەمەقاڵێکان .

وە لەمەیشدا شەریعەتی ئیسلام یەکسانی کردووە لە نێوان کەسانی بەهێز و لاواز ، سەرۆك و سەرۆکدار لە هەموو حەق و مافەکاندا .

وە کەسانی خاوەن ناکۆکی و کێشەی ڕازی کردووە بە گرتنەبەری دادوەرترین و ڕێکترین و ڕاسترینی ڕێگاکان و زوڵم و ستەم نەکردن .

## نموونەی شانزەیەم

ئەوەی كە شەریعەتی ئیسلام پیێ هاتووە لە فەرمان كردن بە پرس و ڕاوێژ پیێكردن و ستایشكردنی ئیمانداران بەوەی كە هەموو كاروبارە ئاینی و دونیاییە ناوخۆیی و دەرەكیەكانیان بە پیێ پرس و ڕاوێژكردنی نێوانیانە .

وە ئەم بنەما گەورەیە هەموو كەسانی ژیر و عاقڵ كۆڕا و یەكدەنگن لەسەر بەچاكزانینی ، وە لەسەر ئەوەیش كە ئەمە تەنها هۆكارە لە گرتنەبەری شیاوترین حاڵەتەكان و باشترین ڕێگا و ئامرازەكان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكان و پێكانی ڕاستی و گرتنەبەری ڕێگاكانی عەدالەت و دادوەری .

وە ئەمە بەرزتر و لەپێشترە بۆ ئەو میللەتانەی كە كاری لەسەر دەكەن بۆ بەدەستهێنانی هەموو خێر و چاكەیەك ، وە خەڵكی هەرچەند زانیاریان زیاد بكات و بیر و مێشكیان فراوانتر بێت ئەو كاتە پێویستی زۆر بۆ پرس و ڕاوێژ پیێكردن و گرنگی ئەندازەكەی دەزانن .

وە كاتێك كە موسڵمانان لە سەرەتای ئیسلامدا ئەم بنەمایەیان پیادە و پەیڕەو دەكرد لە كاروبارە ئاینی و دونیاییەكانیاندا ئەو كاتە كاروبارەكان ڕێك و ڕاست بوون و حاڵ و بارودۆخیان لە گەشەكردن و بەرزبوونەوە و

زیادکردندا بوو ، وە کاتێکیش کە لە ئەم بنەمایە لایاندا ئەوا بەردەوام لە داڕوخاندان لە ئاینەکەیان و دونیاشیان ، تاوەکو ئەوەی کە حاڵیان گەیشتووەتە ئەوەی کە دەیبینیت ، جا ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دین و ئاینەکەیان لە ئەم بنەمایە و جگە لەمەیشدا ئەوا سەرفراز و سەرکەوتوو دەبوون .

# نموونەی حەڤدەیەم

ئەم شەریعەتە هاتووە بۆ چاك كردنی دین و چاك كردنی دونیایش ، هەروەها هاتووە بە كۆكردنەوەی نێوان بەرژەوەندی ڕۆح و بەرژەوەندی جەستەیش .

وە ئەم بنەمایە لە قورئان و سوننەتدا زۆری لە بارەوە هاتووە ، خوای گەورە و پێغەمبەرەكەی (ﷺ) هانی خەڵكیانداوە بۆ بەجێهێنانی هەردووكیان ، وە هەریەكێكیان درێژە بە ئەوی تریان دەدات و یارمەتیدەرە لەسەری .

وە خوای بەرز و پایەدار دروستكراوەكان و بوونەوەری دروستكردووە بۆ پەرستنی و بەجێهێنانی حەق و مافەكانی ، وە ڕزق و ڕۆزیی بەسەریاندا ڕژاندووە و هۆكارەكانی ڕزق و ڕێگاكانی بژێویشی بۆیان هەمەجۆر كردووە ، بۆ ئەوەی ئەوە بكەنە یارمەتیدەر لەسەر پەرستنی ، وە بۆ ئەوەی ئەوە ببێتە ڕاگرتنی ناوەوە و دەرەوەشیان .

وە فەرمانی نەكردووە بە خۆراكدان بە ڕۆح بە تەنها و پشتگوێخستنی لەش و جەستە .

هەروەكو چۆن ڕێگری كردووە لە خۆسەرقاڵ كردن بە چێژلێبینراوەكان و شەهەوەت و ئارەزووەكان و فەرمانی كردووە بە بەهێزكردنی

بەرژەوەندیـەكانی دڵ و ڕۆح و دەروون ، وە ئەمـەیش بـە ئـەم بنەمایـەی تـر روون دەبێتەوە ، كە ئەمەیە :

❁ ❁ ❁

## نموونەی هەژدەیەم

بەڕاستی شەرع زانست و ئاین و فەرمانڕەوایەتی و حـوكمڕانی كردووەتـە پاڵپشت و پشتیوانی یەكتر .

* زانست و ئاین فەرمانڕەوایەتی و حوكمڕانیـەكان ڕێـك و پێـك و ڕاسـت دەكەنەوە ، وە دەسەڵاتداری و بڕیارەكانیش لەسەر زانست و ئاین بنیاتنراون .

وە فەرمانڕەوایەتی و حوكمڕانیەكان هەر هەموویان پەیوەستن بە زانست و ئاینەوە و ئەوەیش دانایی و حیكمەتە و ئەوە ڕێگای ڕاستە و ئەوە چاكێتی و سەرفرازی و سەركەوتنە .

هەر كاتێك و لە هەر شوێنێك ئاین و دەسـەڵات هاوشـان و یارمەتیـدەری یەكتر بن ئەوا كاروبارەكان چاك و باش دەبـن ،

هەروەها حاڵ و بارودۆخەكان ڕێك و پێك و ڕاست دەبن .

وە لە هەر کات و شوێنێکیش یەکێکیان لە ئەوی تریان جیابکرێتەوە و دابـڕێت ئەوا ڕێڕەوی ژیان تێکدەچێت ، وە چاکێتی و چاکسازی نامێنێت ، وە دووبەرەکی و لەیەکترازان و پارچەپارچەبوون ڕوودەدات و دڵەکان لە یەکتر دوور دەکەونەوە ، وە کاروباری خەڵك بەرەو داڕووخان دەچێت .

ئەوەیش کە پاڵپشتی ئەمە دەکات ئەوەیە کە : هەرچەند زانستەکان فراوان بن و زانیاریەکان هەمەجۆر ببن و داهێنراوەکان گەورە و زۆرتر بن ئەوا هیچ شتێك لەوانە نەهاتووە شتێك ڕەتبکاتەوە کە قورئان بەڵگە بێت لەسەری و شتێك هەڵبوەشێنێتەوە کە شەریعەت پێی هاتبێت .

چونکە شەرع شتانێك ناهێنێت کە بە لای عەقڵەکانەوە مەحاڵ بێت ، بەڵکو شتانێك دەهێنێت کە عەقڵە ڕاست و تەندروستەکان شایەتی باشێتی و چاکێتی بۆ بدەن یان شتانێك دەهێنێت کە عەقڵ ڕێدەرنەکات بۆ زانینی بە گشتی یان بە ووردی ، وە ئەمەیش شیاوە بکرێتە نموونەیەکی تر ، کە ئەویش بریتییە لە :

❁ ❁ ❁

## نموونەی نۆزدەیەم

بەڕاستی شەرع شتانێك ناهێنێت کە بە لای عەقڵەکانەوە مەحاڵ بێت ، هەروەها شتانێکیش ناهێنێت کە زانستی ڕاست و درووست هەڵیبوەشێنێتەوە .

وە ئەمەیش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوەی لای خواوە هاتووە ڕێك و پێك و موحکەم و تۆکمە و جێگیر و دامەزراوە و شیاوە بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك .

وە ئەم بڕگە و باسە کورت و پوختانە لە میانەی بەدواداچوون و بەدواداگەڕان بۆ تێکڕای بەسەرهاتە گەردوونیەکان و بەسەرهاتەکانی زانستەکانی کۆمەڵناسی و پەیڕەوکردنی ئەوە - ئەگەر ئەوانە لە ڕاستی‌یە درووستەکان بن - بەسەر ئەوەدا کە شەرع پێی هاتووە بە شێوازێکی وورد دەزانرێن ، بەوەیشەوە دەزانرێت کەوا شەریعەتی ئیسلام ڕوونکردنەوەی تێدایە بۆ هەموو شتەکان ، وە هیچ شتێکی بچووك و گەورەی بەجێ‌نەهێشتووە ئیللا باسی لێوەکردووە و حیسابی بۆ کردووە .

❁ ❁ ❁

## نموونەی بیستەم

تێڕوانین و چاوپێداخشانێکی گشتی بۆ فتوحاتە فراوانە لە عادەت بەدەرەکانی ئیسلام * ، پاشان مانەوەی ئیسلام لە ناو ئەو ولاتە ئازادکراو و دەربازکراوانەدا بە ڕێزداری لەگەڵ گەلەکۆمەی دووژمنان لەسەریان و بەرگیری کردنی توندی موسڵمانان لە بەرامبەریاندا و هەڵوێستە زانراوەکانیان لەگەڵ ئەوەدا :

ئەمە و هەرکەسێك سەیرێکی سەرچاوەی ئەم ئاینە بکات و چۆن دوورگەی عەرەبی یەکخست سەرەڕای پەرتەوازەیی دڵەکانیان و زۆری ڕق و قین و دووژمنایەتی نێوانیان و چۆن یەکیخستن و دوورترینیانی کۆکردەوە لەگەڵ نزیکترنیان و ئەو ڕق و دووژمنایەتیەی نێوانیانی لابرد و نەهێشت و لە شوێنی ئەوەدا برایەتی ئیمانی جێگیر کرد .

---

* مەبەست بە (لە عادەت بەدەر / الخارقة للعادة) لێرەدا ئەوەیە کە : لە ماوەیەکی کەمدا توانرا زۆرێك لە ولاتان و بەشێکی زۆر لە رووی زەوی لە لایەن سوپای ئیسلامەوە لە ژێر دەسەلاتی کەسانی موشریك و کافر و ستەمکار ئازاد و دەرباز بکرێن و بکەونە ژێر دەسەلاتی پڕ میهرەبانی و دادوەری ئیسلامەوە تاوەکو ئەو ئاستەی کە لە بەرەی ڕۆژهەلاتەوە ئیسلام گەیشتە هند و سند و سنوورەکانی ولاتی صین ، وە لە بەرەی ڕۆژئاوایشەوە ئیسلام گەیشتە ئەسپانیا و سنوورەکانی ولاتانی پورتوغال و فەرەنسا ، ئەمەیش بە بەراود لەگەڵ رووبەرووبوونەوەکانی ئەو سەردەمەدا شتێکی لە نەریت و عادەت بەدەر بووە و شتێکی ئاسایی نەبووە .

پاشان بەڕێکەوتن و بەرەو ولآتانی سەر زەوی ڕۆیشتن بۆ ئەوەی ولآت بە ولآت فەتح و ئازاد و دەربازیان بکەن ، وە لە پێش ئەم ولآتانەشەوە ئوممەتی فارس و رووم کە لە هەموو ئوممەتانی تر بەهێزتربوون و موڵکیان گەورەتر و هێزیان تووند و زیاتر و ژمارە و کەرەستەی جەنگیان زۆرتر بوو ، لەگەڵ ئەوەیشدا بە فەزڵی ئاینەکەیان و بەهێزی ئیمانەکەیان و سەرخستنی خوا و یارمەتیدانی بۆیان هەردوو ولآتی فارس و روومیان و ولآتانی پاش ئەوانیشیان فەتح و ئازاد و دەربازکرد تاوەکو ئیسلام گەیشتە ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوای زەوی .

ئەمەیش بە یەکێك لە نیشانەکانی بەهێزی و فراوانی دەسەلآتی خوای گەورە و بەڵگەکانی ئاینەکەی و موعجیزەکانی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دادەنرێت و هەژمار دەکرێت ، وە بەمەیش خەڵکی چین چین و پۆل پۆل بەرچاوڕۆشنی و ئارامیەوە نەك بە زۆرلێکردن و ناڕەحەت کردنەوە هاتنە ناو ئاینی ئیسلامەوە .

جا هەرکەسێك تێڕوانین و چاوپێداخشانێکی گشتی بکات بۆ ئەم شتە ئەوا دەزانێت کە ئەمە ئەو حەقەیە وا باتڵ و ناحەق ناتوانێت لەبەردەمیدا خۆی ڕابگرێت و بوەستێت هەرچەند هێز و دەسەلآتی گەورەش بێت .

وە ئەمـەیش بـە عـەقڵێكی سـادە و سـەرەتاییەوە دەزانرێـت و هـیچ كەسێكی بە ویژدان گومانی لـێناكات و بەشێكە لەو شتانەی كە بـەبێ بەڵگـە هێنانەوە و بیرتێداكردنەوە دەزانرێن .

ئەمە بە پێچـەوانەی ئـەوەی كـە بەشـێك لـە نووسـەرانی ئـەم سـەردەمە دەیلـێن ئەوانـەی ملكەچـبوونی فكـری پاڵپێوەنـاون بـۆ خۆگونجانـدن و شوێنكەوتنی دووژمنانی ئیسلام ، بۆیە وادەردەبڕن كە بڵاوبوونەوەی ئیسلام و فتوحاتە لە عادەت بەدەرەكانی بنیاتنراوە لەسەر شتانێكی ماددی رووت و هیچی تر ، وە ئەمەیان بە پێی بۆچوونە هەڵەكانیان لێكداوەتەوە .

وە ئەو لێكدانەوەشـیان دەگەڕێننـەوە بـۆ لاوازی دەوڵـەتی فارسـەكان و دەوڵەتی روومەكان و بەهێزی ماددە لە عەرەبەكاندا .

وە ئەمـــەیش تـــەنها لێتێگەیشـــتن و تەصـــەوركردنی بەســـە بـــۆ پووچەڵكردنەوەی و هەڵوەشاندنەوەی .

ئایا عەرەب چ هێزێكیـان هـەبووە لـەباریان بكـات بـۆ بەرنگاربوونـەوەی نزیكترین حكومەت لەو حكومەتە بچووكانەی ئەو كات و سـەردەمە ؟ چ جـای بـۆ حكومەتــە گــەورە و زەبەلاحــەكان ؟ چ جــای بــۆ بەرنگاربوونــەوەی زەبـەلاحترینی ئوممەتـەكان لـە كـاتی خۆیـدا بـە ڕەهـایی و بـەهێزترینیان و

گەورەترینیان لـە ژمـارە و كەرەسـتەی جەنگیشـدا لـە یـەك كاتـدا ، تـاوەكو هــەموویانیان بــە یــەكجاری لەتلــەت و تــەفروتوناكرد ، وە لــە بــری حــوكم و بڕیارەكانی ئەو پادشا ستەمكارە خۆسەپێنەرانە ئەحكام و بڕیارە عەدالەت و دادوەرەكانی قورئان و ئاین جێیانی گرتەوە و هەموو كەسـانێكی بەویـژدان و حەق ویستیش قەبوڵیان كرد و بە ڕەزامەندیەوە وەریانگرت .

ئایا ئەكرێت ئەم فەتح كردنە بەربڵاو و بەرفراوانە بە پێشكەوتنی عەرەب لە شتە ماددیە رووتەكاندا لێكبدرێتەوە ؟

بەڕاستی تەنها كەسانێك ئەمە دەڵێن كە دەیانەوێت تانە لە ئاینی ئیسلام بدەن و لەكەداری بكەن یان كەسانێكن كە قسەی دووژمنان بەلایانەوە بازاڕی پەیدا كردووە بەبێ هەبوونی شارەزایی بە ڕاستیەكان .

ئەنجا مانەوەی ئەم ئاینە سەرەڕای ئـەو هـەموو نەهامـەتی و كارەسـاتە یــەك بــە دوای یەكانــەدا و گەلەكۆمــەی دوژمنــان لەســەر لــەناوبردنی و هەڵوەشاندنەوەی بە یەكجاری یەكێكە لە نیشانەكانی گـەورەیی ئـەم ئاینـە و هەروەها ئەمە ئاینی حەق و ڕاستەقینەی خوایە ، وە ئەگەر هێزێك كە بـەس ببوایــە یارمــەتی بدایــەت بــۆ بەرپەرچــدانەوەی هێــرش و دەســتدرێژی دەستدرێژیكەران و لەسنووردەرچوونی كەسـانی تـاغوت و لەسنووردەرچـوو

ئەوا جگە لە ئەم ئاینە هیچ ئاینێکی تر لەسەر رووی زەویدا نەدەما ، وە هەمووی خەڵکیش پەسەند و قەبوڵیان دەکرد بەبێ زۆرلێکردن و ناچارکردن لەبەر ئەوەی کە ئەم ئاینە ئاینێکی حەقە و ئاینێکی گونجاوە لەگەڵ فیترەت و ناخ و سروشتی مرۆڤ و ئاینی چاکەکاری و چاکسازیە ، بەڵام کەمتەرخەمی و لاوازی و پەرتەوازەیی هەڵگرانی و پەیڕەوکارانی و فشاری دوژمنانیان لەسەریان ئەمە بووەتە مایەی ڕاگرتنی پێشڕەوی کردنی و بڵاوبوونەوەی ، هیچ جووڵە و توانایەکیش نیە ئیللا بە خوا نەبێت .

❁ ❁ ❁

# نموونەی بیست و یەکەم

## کە هەموو ئەوانەی پێشەوەی تێدا کۆدەبێتەوە

ئـــاینی ئیســـلام بنیـــاتنراوە لەســـەر عەقیـــدە و بیروبـــاوەڕە ڕاســـتە بەســـوودەکان ، وە لەســـەر ڕەوشـــتە پـــیرۆزە خاوێنکـــەرەوەکانی ڕۆح و عەقڵەکان ، وە لەسەر ئەو کردەوانەی کە باروگوزەرانەکان چاك دەکـەن ، وە لەسـەر بەڵگـە روونـەکان لـە بنـەماکانی و لـق و فەرعەکانیشـی ، وە لەسـەر فڕێـدان و وەلانـانی بتپەرسـتی و وابەسـتەبوون بـە دروسـتکراوەکان و پـاك و پوختکردنەوەی دینداری و کردەوەکان بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان ، وە لەسەر فڕێدان و وەلانانی ئەفسانە و خورافیات و ئەو شتە پڕوپووچانەی کـە پێچـەوانەن بـۆ هەسـت و عـەقڵ و ژیـری و بیروهـۆش پەرێشـان دەکـەن ، وە لەسـەر چـاکێتی و چاکسـازی ڕەهـا ، وە لەسـەر وەلانـان و دوورخسـتنەوەی هەموو شەڕ و خراپە و فەساد و گەندەڵییەك ، وە لەسەر عەدالەت و دادوەری و لابردن و هەڵگرتنی زوڵم و ستەم بە هەموو ڕێگایـەك ، وە لەسـەر هانـــدان بۆ سەرکەوتـــن بەرەو هەمـــوو

جۆرە شتە کامڵ و تەواوەکان .

* وە ئەمانـەیش پوختـەی چـەند باسـێکن کـە شـیکردنەوەیان درێـژە دەکێشێت ، وە هەرکەسێك کەمترین شارەزایی هەبێت ئـەوا ڕێـدەردەکات بـۆ وردەکاری و شیکردنەوەیان بە شێوازێکی روون و ئاشکرا کـە هـیچ گرفتێکـی تێدا نەبێت .

وە بـا خۆمـان کورتهـەڵبێنین لەسـەر ئـەم وتەیـە هەرچـەندە کـورت و پوختیشە ، چونکە چەندین بنچینە و بنەما لە خۆی دەگرێت کە بە هۆیانەوە بزانرێت ئیسلام خـاوەنی کـاملێتی و گـەورەیی و چاکسـازی ڕاسـتەقینەیە بـۆ هەموو شتەکان ، وە خوایش یارمەتیدەرە .

کۆتاییم هێنا بە نووسینەوەی لە

سەرەتای مانگی (جمادى الأولى) لە ساڵی (١٣٦٤) ك

وَصَلَّى اللهُ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّم

بە پێنووسی نووسەرەکەی

عبد الرحمن بن ناصر بن سعدي

سوپاس بۆ خوای گەورە تەواوبووم لە وەرگێڕانی

ئەم کتێبە زۆر بەسوود و گرنگە

لە ڕۆژی شەممە / کاتژمێر : (٤٠ : ٦)ی پاش عەسر

(١٧ / ذو القعدة / ١٤٣٧) بەرامبەر بە (٢٠ / ٨ / ٢٠١٦)

کوردستان / کەلار / مزگەوتی شێخ إبراهیم

محمد عبد الرحمن لطيف

# ناوەڕۆك

* پێشەکی دانەر : .................................... ١
نموونەی یەکەم .................................... ٧
نموونەی دووەم .................................... ١١
نموونەی سێیەم .................................... ١٥
نموونەی چوارەم .................................... ١٦
نموونەی پێنجەم .................................... ١٨
نموونەی شەشەم .................................... ٢٠
نموونەی حەوتەم .................................... ٢٢
نموونەی هەشتەم .................................... ٢٤
نموونەی نۆیەم .................................... ٢٧
نموونەی دەیەم .................................... ٢٩
نموونەی یازدەیەم .................................... ٣١

نموونەی دوانزەیەم ........................................ ٣٢

نموونەی سیانزدەیەم........................................ ٣٣

نموونەی چواردەیەم ........................................ ٣٥

نموونەی پانزەیەم ........................................ ٣٧

نموونەی شانزەیەم........................................ ٣٩

نموونەی حەڤدەیەم........................................ ٤١

نموونەی هەژدەیەم........................................ ٤٢

نموونەی نۆزدەیەم........................................ ٤٤

نموونەی بیستەم ........................................ ٤٥

نموونەی بیست و یەکەم ........................................ ٥٠